# مةكتوب

## هاشم سةراج



جةمال، هاشم



عةبدولموتةليب، حةسةن، هاشم، هةلۆ، رزطار، فةرحان



ج. خةيلاني



شيروان



فواد سورخي ، هةندرين

دوای دەنگدان، ئازادو ئاسودە بووین‌و
دڵ پارچە ئاگرێکی سەوداسەر
لەززەتدارو غەمگین
دەتگوت: لەتە هەورێکی سپی ئاماڵرەشەو
لە خۆوە، لە ئاسۆی ئاڵۆزی ئەبەددا
دەلەنگێ‌و گۆرانی بۆ رەها دەڵێ
هێدی هێدی هێدی هێدی
بە رێکەوتین‌و لەو دیو مەرزی
ژاوە ژاوە جوانەکەدا.. دانیشتین‌و
بوتڵێک (بلاک جاک)مان نۆشی‌و
سەرمەست‌و سەرخۆش‌و سەرگەردان
دەخولاینەوەو دەخولاینەوەو دەخولاینەوە
پاشان
لە ئۆفیسە شوشەبەندەکەی —شێروان-دا

پشومان دا

شتگەل لە فەزای قەشەنگی ئەزەلدا

دەرەقساو

شەپۆل شەپۆل شەپۆل

شەپۆل شەپۆل

لەتەکریستالی وردی پرشنگداری حەسرەتاوییان

پەرش دەکردو

موچرکی غوربەتو شەیدایی بە لەشو رۆحی

زەمەن دا دەهات دا

ئەی خودا

رستە بە خرۆشانەوە سەرەڕۆو

تلیاکی پیت بە نەشئەو حەز

دلیش بە تەزووی ئەڤینەوە

گیرۆدەی لەوحی جوانی

لە نزیک مێزە پانو پۆرەکەی شەودا

چەند کۆپلە شیعرێکی (سورخیو هەندرێنو موتەلیب)مان

خوێندەوەو تاوێ خرۆشاین!

رۆحیابانێکی وێرانەو بێ لەنجەی سەراب چ دەکا

من نازانم لەم گەردوونە بێسنوورەدا بە دوای چیدا

وێڵمو تاکەی چرکە ئاگرینەکانی

عیشقو سۆزو جوانیو هۆگری دەنوسمەوە!

(جەمال) گۆرانییە غوربەتییەکانی میهری

دەچریو —جەمال- لە خاپورگەی راشکاوی شەودا

عەتری تەری پرچی (لازۆ)ی هەڵدەمژیو

حەشیشی مەرگی دەکێشا

چ کتێبێکی داخراوو شێولوو

ئاوریشماوییە وجوود ئەی خودا

چی وا نەما بوو، لەگەڵ (هەیواز) دا

پیاڵەی دڵی (رزگارو هەڵۆ) بشکێنین

هەر باش بوو، (حەسەنی موسافیر)

هەواڵی شیفای زارۆکەکەی پێداین و

دووبارە سەرمەستو بەلەنگاز

ژیانمان بە کەرنەڤاڵ هێناو

زیواڵ زیواڵ لەت لەت زیواڵ زیواڵ

تیکە تیکە لەت لەت

پێستو پۆشاکی خەفەتمان دادڕی دا

(سوب سەحەر) رابووین

بێ شنگو شەکەتو خانە خراب

دوای بیستو چەند ساڵێک (بەختیار عەلی)م

بینی و چاو فرمێسکی تێزا.... ئەی خودا

زیندەگی هەمیشەو هەمیشە

بە سۆزو ئەڤینەوە جوانەو چیتر نا

بە رێکەوتین.. بۆ کوێ؟!

لە رێگادا... لاماندا و

چەند دانە —ماسی-یەکی رەنگاو رەنگمان کڕی

ئای خودای من

مرۆڤ چەنێ چڵێس و درەندەو دڵپر ئیرەییە!

ئاوا ورگی ئەو بونەوەرە نارنجیانە هەڵدەدڕی هەڵ

بەیان هەمدیس لە خەو رابوم

من لەم تەمتومانی بێکۆتاییەدا چی بکەم؟

بیرم لە هیچ دەکردەوەو

دەخەنیم و دەخەنیم و هەر دەخەنیم لە پڕ

چنگێ وردە سەمونم بۆ مریشکەکەو
باڵندە کێوییەکانی خودا هەڵداو دەتگوت
جەستەیەکی ناز پەروەرەو لە هیکرا پەرت دەبێ!
کاسێتەکەی –بدیع–م خستە سەرو دەستم بۆ
ژێر سەندەڵییەکە درێژ کرد، کتێبێک
هاتە نێو دەستم لە سەر بەرگەکەی نووسرابوو
مەکتوب.

2005-12-26